بەخشندە کوڕی بەخشندە کوڕی بەخشندە کوڕی بەخشندە یوسف کوڕی یەعقوب کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم -علیهم السلام

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «بەخشندە کوڕی بەخشندە کوڕی بەخشندە یوسف کوڕی یەعقوب کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم -علیهم السلام-».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

بەخشندە ئەو کەسەیە کە هەموو ڕەوشتە جوان وڕێزدارەکانی تێدایە ئەمیش لەگەڵ شەرەفمەندی پێغەمبەرایەتی، وهەروەها نەوەی سێ پێغەمبەر بووە، ولەگەڵ ئەم ڕێزانەشدا زانستی لێکدانەوەی خەونی پێبەخشراوە وهەروەها مۆڵک ودەسەڵاتی پێدراوە، بە جوانترین شێوە و وێنە فەرمانڕەوایەتی کردووە لە نێو خەڵکیدا، ئەویش: پێغەمبەری خودا یوسف کوڕی پێغەمبەری خودا یەعقوب کوڕی پێغەمبەری خودا ئیسحاق کوڕی پێغەمبەری خودا ئیبراهیمە -علیهم السلام-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10996